ئایدن مەعروف:سەرباری بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی و نەهێشتنی کورسی کۆتا بەشداری لەو هەڵبژاردندا دەکەین

ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی کاروباری پێکهاتەکان رایگەیاند، وەکو بەرەی تورکمانی عێراق بڕیاریانداوە ئەگەر کورسی کۆتاکان هەبێت یاخود نا بەشداری لەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، دژشێت، لەگەڵ ئەوەدان ئەو گرفتانەی لەو نێوان لایەنەکاندا هەیە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت.

ئایدن مەعروف ، لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی پەیوەست بە نەمانی کورسی کۆتاکان لەو پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند، "بڕیارەکەی دادگا لەو دەرەوەی یاسا بو، دژی سیستمی کۆتا و دژی مافەکانی مرۆڤ و پێکهاتەیانی ئایینەکان بو لەو عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەتەواوی بڕیارێکی سیاسی بوە و غەدرێکی گەورە بوە کەو لەو پێکهاتەکان کرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو لایەنانەی کەو ئێستا بەدەست بۆ خێیان هەژماری دەکەن رەنگەو لەو داهاتودا "پاشگەز ببنەوە" چونکەو بڕیارەکەو مەبەستی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان و

قەوارەی هەرێمی کوردستانە، بۆیە داوا لە لایەنەکان دەکەن هەوڵستیان هەبێت.

ئایدن مەعروف باسی لەوەشکرد، پێشوازی لە وادەی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و پێویستە هەمو لایەنەکان لەوبارەیەوە کار بۆ هەڵبژاردنکی خاوێن بکەن، "وەکو بەرەی تورکمانی عێراقیش ئەگەر کورسی پێکهاتەکان هەبێت یاخود نا بەشداری هەڵبژاردن دەکەین".